**26-ەمین خولی کاراتێ- دۆ ی جیهانی لەشاری** Ham – Beljium **هام- بەلژیکا- بەسەرپەرشتی مامۆستا** Hiroshi Shirai - **شیراى هیرۆشی**

ئەنوەر: وەکو ئاگادارم ساڵانە چەندین خول و وانەی تایبەتی دەدرێنەوە لەبوارە جیاجیاکانی وەرزشی بە گشتی و هونەری یاری کاراتێ- دۆ بە تایبەتی. ئەویش زیاتر بۆ ئاگادارکردنەوەو گەشەسەندنی ئاستی مامۆستاو ڕاهێنەرانی وەرزشی لە جیهاندا. ئایا لەو نزیکانە هیچ خولی لەوجۆرانەتان دیوە، لەسەر ئاستی جیهانی؟
شاخەوان: بەڵێ کاک ئەنوەر، ئەوەبوو ڕۆژانی 29و30 ی ئۆکتۆبەری پارساڵ، ئێمە کە لەوەفدێکی (پێنج کەسی) ڕاهێنەرانی کاراتێ- دۆی هۆڵەندی پێکهاتبووین، ئامادەبووین لە هۆڵی وەرزشی هێت فلیتچەی شاری هامی بەلژیکا.
بۆ بەشداری کردنمان لە 26- ەمین خولی پاییزەی جیهانی ڕاهێنەرانی یاری هونەری کاراتێ- دۆ، کە بریتی بوو لە چوار ڕاهێنان. بەسەرپەرشتی مامۆستای ژاپۆنی و ناوداری جیهانی شیراى هیرۆشی (ڕۆژی 31-07-1937 لە شاری ناگازاکی- ژاپۆن لەدایک بووە، ساڵی 1955 دەستی کردووەبە کاراتێ) کە پشتێنی ڕەش و 9 دانی هەیە لەو هونەرە، کە دانیشتووی شاری میلانی- ئیتالیایە لە نۆڤێمبەری 1965 وە تاکو ئێستا، ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاوی هەیە لەبەرەو پێشبردنی هونەری جەنگی کاراتێ- دۆ، و دروستکردنی پۆشاکی کاراتێ لە جیهاندا بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی.. کە زۆربەی وڵاتانی جیهان روویان تێکردبوو، ڕاهێنەرانی خۆیان ناردبوو بۆ ئەم خولە جیهانییە.
هەروەها ئەمساڵیش لە بەرواری 14 و 15 کانوونی دووەمدا کە بریتی بووین لە شەش کەس لە وڵاتی لوکسەمبۆرغ ئامادەبووین، بۆ بەشداریکردنمان لە خولێکی تری یاری کاراتێ بەسەر پەرشتی مامۆستای فەرەنسی (پاسکاڵ لوکورت) کە درێژەپێدەری مامۆستای نەمر (تایچی کاسێ- 9 دان) یە کەبەسەرمەشق و دامەزرێنەری ڕێچکەی (شۆتۆکان ڕیو کاسێ ی- ها) ناسراوە کەبە (ئەکادیمیای شۆتۆکان –کاراتێی جیهانی).
وە مامۆستا کاسێ ی یەکێک بوو لە قوتابیە هەرە چالاکەکانی گیچن فوناکۆشی (گەورە مامۆستا – دامەزرێنەری یاری کاراتێ دۆ لە جیهان- 1869-1957.
وەزۆر بەدەگمەن بەدەست دەکەوت کە مرۆڤ یاری لەگەڵ بکات و چاوی پێی بکەوێت.

ئەنوەر: باشە خولەکە لە چی پێکهاتبوو؟
شاخەوان: ئەوەی شایانی باسکردنە خولەکە بریتی بوو لەم چەند خاڵانەی خوارەوە:
1- کاریگەری یاری کاراتێ دۆ بەسەر مرۆڤ دەوروبەر، کەدەبێتە هۆی گەشەسەندنی بیرو هۆشی مرۆڤ وپتەوکردنی ماسولکەکانی لەش (ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان یاریبکەن).
2- چۆنییەتی بەکارهێنانی هێزوتواناکان و کۆکردنەوەیان لەسەر یەک خاڵدا (ئیکن- هیسساتسۆ) بۆ کاتی پێویست. لەکاتی هێرشبردن یان بەرگری لەخۆکردن.
3- دۆزینەوەی خاڵی پەیوەندی کردن لە نێوان هۆش، لەش و هێزدا.
4- فێڵ کردن لەبەرامبەرەکەت لە کاتی (کومیتێ) و نیشاندانی خاڵی لاوازت بۆی، تاکو هێرش بکاتە سەرت، تۆش ئەم هەلە بۆ سوودی خۆت بگۆڕی و پەلاماری بدەی وەک بەور ئاسا.

5- گۆڕین وبەکارهێنانی تەکنیکی پەلاماردان بۆ بەرگری لەخۆکردن یان بە پێچەوانەوە.
6- بەرگری کردن لەخۆ بەهەردوو جۆری (هەن- تێ و سەی- تێ) .
7- هێرشکردن لەجۆری (گۆنۆسەن یان سە ن- نۆسەن) .
8- فۆرم (کاتا) و چۆنییەتی ئەنجامدانی، تیۆری و پراکتیزەکردنی بە چەندین جۆری جیاواز وەک: ئۆیۆ- کاتا، ئۆرا- کاتا، ئۆیۆ- ئۆرا- کاتا و گۆ- نۆ- کاتا، کە ئەمەیان لەگەڵ خاڵی پێنجەم، بەراستی چەندین وانەی تایبەتی پێویستەو دەبێت بەرداوام ڕاهێنانی لەسەربکەیت، ئینجا دەتوانی لەسوودەکانی بگەیت!.
ئەم خولە کە بریتی بوو لە چوار وانە، بەڕاستی سوودێکی یەکجار زۆری هەبوو.
لەسەر ڕاهێنەران پێویستە کە ساڵانە بەشداری لەو جۆرە خولانە بکەن، لانی کەم ڕاهێنەری سەرکەوتوو ساڵانە پێویستی بە چوار خول هەیە. بۆ گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی ئاستی خۆی تاکو زیاتر سوودبەخش و لێهاتوو بێت بۆ خۆی و قوتابی و یاریزانەکانی بە شێوەکی زانستی. چونکە لای مرۆڤ زۆر سەختە، ئەگەر شتێک یان هەڵەیەک لە منالی (سەرەتا) فێربوو، بە ئاسانی بەرنابێت. هەروەک باپیرانمان فەرموویانە: (خوی شیری هەتا پیری، یان خویەک بگری بەشیری بەرینادەی تا پیری) .

ئەنوەر: دوا وتەت بۆ ڕاهێنەرانی کوردستان چیە؟
شاخەوان: بەراستی زۆرم پێخۆشە کە ڕاهێنەرانی لەمەرخۆشمان ئەوجۆرە بوارانەیان بۆ برەخسێ و ساڵانە بەشداری بکەن لەو جۆرە خول و مەشقانە، هەرچەندە من بەش بەحاڵی خۆم چەندین نامەم لە شێوەی پۆستی ئەلەکترۆنی بۆ لێپرسراوانی لیژنەی باڵای وەرزش لە کوردستان و یەکێتی کاراتێ ی کوردستان ناردووە، کەچی تاکو ئێستا بەداخەوە هیچ وەڵامێکیان نیە. ئەویش هۆی کەمتەرخەمی یەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەنجومەنی باڵای وەرزش لە کوردستان (وەکو ئەوەی کەلە هەڤاڵان و بەرپرسی یەکێتی کاراتێ بەرگوێم دەکەون) ..
لە کۆتاییدا داوا لە یاریزانانی کوردستان دەکەم کە بەردەوامبن لە مەشقەکانیان و کۆڵنەدەن، هەمیشە خۆیان خەریکی خوێندنەوەی بابەتی بە سوود کەن، کەلەسەر هونەری کاراتێ نووسراوە، چونکە ئەم هونەرە تەنها شەرە مست و قاچ نیە، یاخود شت شکاندن بەدەستو لاق و سەر، کاراتێ بۆ خۆی فەلسەفەیەکە، هەموو کەس وا بەئاسانی تێیناگات، مەگەر ساڵانێکی دووروردرێژ هەوڵی بۆ نەدەیت.
داواکاریم بۆ بەرپرسانمان کە بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەم یارییە بکەن، چونکە کاراتێ نەتەنها وەرزشە بەڵکو بیرو فەلسەفەیەکی زۆر قوڵەو کاری زۆری دەوێت و لە کوردستانی خۆشمان پێویستی بەیارمەتی هەیە بۆ گەشەسەندنی ئەو یاری یە..

ئەنوەر: زۆر سوپاس
ئامادەکردنی: ئەنوەر خەراجیانی پەیامنێری کوردستان نێت
19 ی شوباتی 2006

23-2-2006 15:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



لەهەڵ مامۆستا تایچی کاسێ ی فەرەنسا



شاخەوان کەریم ئاکۆیی (ڕاهێنەرو ناوبژیوانی فەرمی) هونەری کاراتێ دۆ لە هۆڵەندا
لەگەڵ مامۆستای کاراتێ ی ناوداری ژاپۆنی و جیهانی هیرۆشی شیڕای- بەلژیکا 2005



لەگەڵ مامۆ ستا پاسکال لوکورت- لوکسمبورغ2006